مەسعود بارزانی: لە هەرەمی کوردستان باوەڕمان بەوەیە کێشەکان بە گفتوگۆ چارەسەر بکرێن

بە بەشداری کەمەڵەک سەرکردە و کەسایەتییە سیاسییەکانی کوردستان و ناوچەکە لە کۆبوونەوەی مەپس لە شاری دهۆک، مەسعود بارزانی، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەوتارەکدا لە کۆبوونەوەی مەپس، کە لە دهۆک بەڕێوەدەچێت، رایگەیاند: تاکە ڕێگە بە گەیشتن بە چارەسەری کێشەکان، ئاشتی و گفتوگۆیە، ئەگەر نییەت و ئیرادە هەبێت، کێشەکان بتەواوی چارەسەر دەکرێن، هەروەها نابێت عێراق ببێتە بەشێک لە گرژییەکانی ناوچەکە.

سەرۆکی پارتی دەشێت: لە چەند ڕۆژی داهاتوودا دوای بەفەرمی راگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردن لەلایەن کەمیسیۆنەوە، دەست بە گفتوگۆ دەکرێت لەنێوان سەرجەم لایەنەکان بە دەستبەکاربوونی پەرلەمان و دواتر هەنگاوەکانی تریشی بەدوادادێت، ئومێدەوارین لە داهاتوودا یەک هەرەم، یەک پەرلەمان، یەک حکومەت و یەک هێزی پێشمەرگە لە کوردستان هەبێت، لە هەرەمی کوردستان باوەڕی تەواومان بەوەیە کێشەکان بە گفتوگۆ چارەسەر بکرێن.